University Of Human Development
8th International Scientific Conference
Reform and Political Change
14-15 july 2021

# گۆڕانی سیاسی لە دیدی قوتابخانە هزرییە هاوچەرخەکانی ( مارکسیزم )دا

**کنعان حمەغریب**
زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، بەشی زانستە رامیارییەکان
زانکۆی گەشە پێدانی مرۆیی، کۆلێژی یاسا و رامیاری، بەشی یاسا

**ئاریان رشید شریف**
زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە رامیارییەکان، بەشی زانستە رامیارییەکان

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ ئەدات لە بارەی چەمک و پرۆسەی گۆڕان بکۆڵێتەوە لە دیدو تێڕوانینی قوتابخانە هزرییە هاوچەرخەکانی مارکسیزمدا. پاساوی ئەم توێژینەوە لەو ئارگیومێنتە سەرچاوە دەگرێت کە قوتابخانە نوێیەکانی هزری مارکسیزم دیدێکی جیاوازیان هێنایە کایەوە لە بارەی چەمکی گۆڕانەوە.
لەم رووەوە ئەم توێژینەوەیە گفتوگۆی ئەم وتەیە دەکات کە قوتابخانەی بونگەرایی و بونیادگەرایی و (قوتابخانەی فرانکفۆرت)، رۆڵی گرنگیان لە بەخشینی مانایەکی نوێ بە (مارکسیزم) گێڕاو ڕوانگەو بۆچوونی نوێیان سەبارەت بە هزری (مارکسیزم) هێنایەکایەوە. لێرەدا لەم سێ قوتابخانەیە دەدوێین و لە هەر یەکێکیان قسە لەسەر ڕای یەکێک لە بیرمەندەکانیان دەربارەی گۆڕانی سیاسی دەکەین.
توێژینەوەکە بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەوە دەخاتە روو کە جیاوازی بۆچوونی ئەمان چییە لە گەڵ مارکسیزمی تقلیدی و لە هەمان کاتیشدا جیاوازی نێوان خودی ئەو سێ قوتابخانەیە دەخاتە روو.
لە لایەکی ترەوە ئەوەی گرنگە بوترێت، خودی گۆڕان وەک چەمک و پرۆسە بابەتێکی هەنوکەییەو گرنگی تایبەتی خۆی چی لە رووی تیۆری یاخود پرۆسەو پراکتیک، ئەم توێژینەوەش بەشێک لە پرۆژەیەکی دکتۆرا کە بە تەواوی لە روانگەی کۆمەڵێک تیورەوە لە بابەتی گۆڕان دەکۆڵێتەوە.

## باسی یەکەم
## (مارکسیزمی بونگەرا) لە هزرەکانی ژان پۆڵ سارتەردا

### تەوەری یەکەم
### مانای بونگەرایی و مارکسیزمی بونگەرا

فەلسەفەی بونگەرایی دژە کردەوەیەک بوو لە هەمبەر سەرجەم فەلسەفە جەوهەرخوازەکانی وەک فەلسەفەی (ئەفلاتون) و (هێگڵ) کە باوەڕیان بە بوونی جەوهەر و سروشت و شێوازی لە پێشدا داڕێژراو بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە هەبوو (ماکواری/ جۆن، ٢٠٠٤، ٩٥)، بە بڕوای ئەوان بنەڕەت یان (ماهیەتی) مرۆڤ پێش بوونی مرۆڤە لە جیهانداو دوای مردنیشی هەر دەمێنێت و لەناو ناچێت، ئەم بۆچوونەش لەسەر بنەمای دوالیزمی ڕۆح (گیان) و مادە (جەستە) دادەمەزرێت و بوونی ڕۆح دەخاتە پێش بوونی جەستە، لای فەیلەسوفی فەرەنسی (ڕێنییە دێکارت) هۆش (گیان) و جەستە (مادە) دوو ناوەڕۆکی جیاوازن. یەکەمیان نەگۆڕو هەمیشەییەو بە کات و شوێن، کە دوو خەسڵەتی ناوەڕۆکە مادیەکەن کاریگەر نابێت (کەمال/ محەمەد، ٢٠٠٧، ٦٠)، بە گوێرەی ئەمەش مرۆڤ بوونێکی بەرزی هەیە کە هۆش یان ڕۆحەو خزێنراوەتە نێو لەشێکەوە کە مادەیە. ئەم بوونە ڕۆحیەش بوونێکی جیهانی نییەو سەر بە (ئێرە) نییەو لە ڕێگەی لەشەوە لە نێو کات و شوێندا مامەڵە لەگەڵ ڕوداوەکاندا دەکات (کەمال/ محەمەد، ٢٠٠٧، ٦٣).
ڕوانگەی بونگەرایی لە بەرامبەر ئەم بۆچوونە دێکارتیە ڕادەوەستێت و ڕەتیدەکاتەوە، فەیلەسوفی بونگەرایی فەرەنسی (ژان پۆڵ سارتەر) بەڵگەدێنێتەوە کە هیچ جەوهەرێکی لە پێشدا داڕێژراو بۆ مرۆڤ بوونی نییەو مرۆڤ خۆی لە میانەی پرۆژەکانی خۆیەوە دەرئەنجامی ئەو کارەی ئەنجامیدەدات خۆی


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

دروستدەکات (سارتر/ جان بول، 2012، 58). سارتەر دەڵێت: "مرۆڤ خۆی خۆی دروستدەکات، ئەو خۆی بە هەڵبژاردنی ئەخلاقەکەی دەخولقێنێت" (سارتر/ جان بول، ٧١). سارتەر لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا باسی پرۆژە دەکات، بەوەی مۆدێلێکە لەو ژیانەی کە مرۆڤ بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت، کە خودی خۆی لە واقیعدا لە میانەیدا دەئافرێنێت (دی کرسبنی، أنطوني – مینوج، کینیث، 2012، 199).
فەیلەسوفی بوونگەرایی ئەڵمانیش (مارتن هایدیگەر) بەڵگەدێنێتەوە، کە مرۆڤ بنەڕەتێکی ڕۆحی (هۆشەکی) نەگۆڕی نییەو بوونێکە لێرەدایە (دازاین)، لە نێو جیهانداو بەبێ جیهان بوونی نابێت. ئەمەش دابڕانی ئەم بوونەیە لە هەموو بنەماو سەرچاوەیەکی نادیارو میتافیزیکی و گرێدانێتی بە جیهان و مێژووەوە (هایدیگەر/ مارتن، ٢٠١٣، ٩٣). (هایدیگەر) بە ئاماژەدان بە (کۆجیتۆ) بەناوبانگەکەی (دێکارت) (من بیر دەکەمەوە، کەوابوو من هەم)، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پرسی گەورەی بوونگەرایی گەڕانە بە دوای مانای (من هەم) داو وەکو دەڵێت: "تاکو سروشتی ئەو هەبووە دیارینەکەین، لە بیرکردنەوەش ناگەین" (هایدیگەر/ مارتن، 98). لێرەشەوە بە بڕوای بوونگەرایی پێویستە مرۆڤ بە بەردەوامی هەوڵی دۆزینەوەی بوونی مرۆڤانەی خۆی بدات و ئەو پێکهێنەرانەش بناسێت کە بنچینەی جۆری ڕەفتارەکانی دیاریدەکەن (محەمەد/ سماح رافع، ٢٠٠١، ٧٦).
فەیلەسووفە بوونگەراکان سەربارى جیاوازی دیدو بۆچوونیان، گرنگی بە بابەتگەلی وەکو (ئازادی، هەڵبژاردن، بڕیاردان، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی) دەدەن، ئەم بابەتانەش بنەڕەتی بوونی تاکەکەسی هەر مرۆڤێک پێکدەهێنن، لە ڕوانگەی ئەوانەوە، مرۆڤ لە میانەی بڕیاری ئازادانەو هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە خودی ڕاستەقینەی خۆی دەخولقێنێت (ماکواری/ جۆن، ٢٠٠٤، ٢٣). لە هزری (ژان پۆڵ سارتەر) دا مرۆڤ لە ڕێگەی بوون و ئامادەیی خۆیەوە جیهان و هەرچی لەناو جیهاندایە دروستدەکات. مرۆڤ بە پێی ویستی ئازادانەی خۆی گیان دەبەخشێتە جیهانی دەرەکی و بارودۆخی بوونی هەرکەسێک بنەمای بۆچوونەکانی ئەو کەسەیە سەبارەت بە حەقیقەت (محەمەد/ سماح رافع، ٩٠). سارتەر جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئێمە ناتوانین جیاوازی لە نێوان ئازادی و بووندا بکەین، چونکە ناتوانین بڵێین مرۆڤ یەکەمجار هەیەو پاشان ئازاد دەبێت، بەڵکو لەبەرئەوەی کە مرۆڤە کەواتە ئازادە (ماکواری/ جۆن، ٢٧١).
بەم پێیە لە ڕوانگەی بونگەراییەوە مرۆڤ بوونەوەرێکە لە ڕێگەی کارەکانی خۆیەوە لە جیهاندا بنەڕەتی خۆی بونیاد دەنێت. واتا بوونی مرۆڤ لێرەدایە لە جیهانداو ئەم بوونەشی پرۆژەی ئافراندنی بنەڕەت و سروشتی خۆیەتی. لێرەشەوە بونگەرایی لە لایەنە هیومانیستیەکەی فەلسەفەی (مارکسیزم) نزیکدەبێتەوە، کە بە گوێرەی ئەو مێژوو دروستکراوی دەستی مرۆڤەو مرۆڤ لە ڕێگەی کردەوەکانی خۆیەوە مێژوو دەئافرێنێت. (ژان پۆڵ سارتەر) لە دیارترین ئەو فەیلەسوفانەی بونگەراییە کە هەوڵدەدات هزری بونگەرایی لەگەڵ فەلسەفەی (مارکسیزم) گرێدات و چەمکی پراکیسیـ (مارکس) بە پرۆژەی دروستکردنی چییەتی بونگەراییەوە ببەستێتەوە.

## تەوەری دووەم
## مارکسیزمی بونگەرایی لە هزری ژان پۆڵ سارتەردا

بە بڕوای سارتەر ئازادی مرۆڤ لە سایەی سەرمایەداریدا لە توانادا نییەو تەنها لە توانای سۆسیالیزمدایە کۆمەڵگەی ئازاد بخوڵقێنیت، لێرەشەوە سارتەر دژی سیستمی سەرمایەداری و باڵادەستی چینی بۆرژوازی بوو (رحیم/ سعد محمد، ٢٠١٢، 157). سارتەر وشەی (پراکسیس) ی نێو فەلسەفەی (مارکسیزم) بۆ گونجاندنی لەگەڵ بیرۆکەی ئازادی کردەوەی مرۆڤ بەکاردێنێت، تاوەکو بەهۆیەوە ڕەهەندێکی بوونگەرانە ببەخشێتە (مارکسیزم)، لەم بارەشدا بیرۆکەی (پراکسیس) لای (مارکس) هاوواتای (پرۆژە) دەبێت لە هزری (سارتەر)دا (دی کرسبنی، أنطوني – مینوج، کینیث، ٢٠١). هەر لەم ڕوانگەیەشەوە (سارتەر) هێرش دەکاتە سەر ڕوانگەی ئیکۆنۆمیستی و دیتێرمینیستی (مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس) و ڕایدەگەیەنێت کە (مارکسیزم) تیۆری پراکسیس و ئازادی مرۆڤە لە مێژوودا، ژێرخان و سەرخان هەردوو بەرهەمی کارو پراکسیسی مرۆڤن (محەمەد/ سماح رافع، ٨٩). (سارتەر)، بە هەمان شێوە دژی مۆدێلی ستالینی بوو لە (مارکسیزم)داو لە ووتارێکدا بە ناوی (تارمایی ستالین) دەستوەردانی سۆڤێتی لە هەنگاریا مەحکوم کردو وتی: "ستالینیزم (مارکسیزم)ی لە ڕێڕەوی خۆی لاداوە" (تودی/ فیلیپ- رید/ هاوارد، ٢٠٠٩، ١٠٤). لە زنجیرە وتارێکیش لە ساڵی (١٩٥٧)دا، بە ناوی (پرسیارگەلێک دەربارەی میتۆد) دەڵێت کۆمۆنیست لە میانەی گرتنەبەری ڕوانگەیەکی ڕیفۆڕمخوازی، کە بوونگەرایی دەتوانێت دەستەبەریبکات، دەتوانێت سیاسەتێکی جوامێرانە بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم بگرێتەبەر (تودی/ فیلیپ- رید/ هاوارد، ١٠٥).
بەم مانایەش (سارتەر) دژی توندوتیژی و زەبروزەنگ بوو، کە بەناوی (مارکسیزم)ەوە ئەنجام دەدراو خوازیاری گرتنەبەری میتۆدێکی ئاشتیخوازانەو مرۆڤدۆستانە بوو بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم. بە گوێرەی ئەوەیش، کە پێیوابوو ئازادی مرۆڤ تەنها لە سایەی سۆسیالیزمدا بەدیدێت، گەیشتنی بە سۆسیالیزم وەکو ئامانجێکی گرنگ تەماشا دەکرد، بەڵام ڕێگەی گەیشتنی بەو ئامانجە بە میتۆدی توندوتیژانەو شۆڕشگێڕانە ڕەتدەکردەوەو دژی دیسیپلینی حیزبی و دەوڵەتسالاری بوو کە (ستالین) لە ژێر ناوی (مارکسیزم)دا ئەنجامی دەدا، چونکە بە بڕوای ئەو ئەم شێوازەی خەبات دژی ئازادی مرۆڤەو بەمەش پێشێلی (مارکسیزم) دەکات و لە ڕێڕەوی مرۆڤدۆستانەو ئازادیخوازانە لایدەدات، کە بە بڕوای ئەو هەر ئەمە (مارکسیزم)ی ڕاستەقینەیە.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

بەڵام لەگەڵ جەختکردنەوەی لەسەر میتۆدی ئاشتیانەی گەیشتن بە سۆسیالیزم، سارتەر پشتگیری لە جۆرێک لە ڕوانگەی توندوتیژانە لە پێناوی ئازادیدا دەکرد، هەروەکو لایەنگری لە بزاوتی (١٩٦٨) ی خوێندکارانی زانکۆی پاریس کردوو لە دوای شکستهێنانی ئەو بزاوتە بابەتێکی بە ناوی (کۆمۆنیستەکان بێزارن لە شەڕ) نووسی، تیایدا حیزبی کۆمۆنیستی بەوە تاوانبار کرد کە بە ئاشکراو بە ئەنقەست خیانەتیان لە ئومێدێک کردووە کە خوێندکارانی زانکۆ لە پەیدابوونی شۆڕشێکی نوێ و ڕەسەن دروستیان کردبوو (تودی/ فیلیپ- رید/ هاوارد، ١٥٠). بە هەمان شێوە لە پێشکەشکردنی کتێبەکەی فرانز فانۆندا (نەفرەتلێکراوانی زەوی – الملعونون في الأرض) پشتگیری لە ڕای فانۆن کردووە بەوەی کە توندوتیژی ڕێگەیەکە بۆ خاوێنکردنەوەی ڕۆح، وتوشیەتی کە ئەو توندوتیژیەی کە هاونیشتمانیان بەکاریدەهێنن، ڕێگەیانە بۆ خاوێنکردنەوەی ویژدانی خۆیان. ڕاونان و دەرکردنی داگیرکەرانیش بە هێزی چەک، چارەسەرکردنی ڕۆحیانە (دی کرسبنی، أنطوني – مینوج، کینیث، ٢١٣).

هەرچەندە ئەمە وەکو دژیەکی (پارادۆکس) لە هزری سارتەردا دەردەکەوێت، بەڵام بە تێگەیشتن لە ڕوانگەو دنیابینی بوونگەرایانەی سارتەر ڕوندەبێتەوە، کە شێوازێک لە مەیلی ئانارشیستانە لە هزری سارتەردا لە ئارادایەو دژایەتی ستەمکاری دەوڵەت و مافی تاکە کەس لە گوزارشتکردن لە ئازادی و ڕادەربڕین، وەکو پڕۆسەی خولْقاندنی خود، پشتگیری سارتەر بۆ توندوتیژی نارێکخراوی خەڵک و نادیسیپلینی حیزبی ڕوندەکاتەوە، بەو مانایەی سارتەر توندوتیژی خۆبەخۆی خەڵک دژی دەوڵەت و سیستم قبوڵدەکات، بەڵام لەگەڵ توندوتیژی ڕێکخراو لە چوارچێوەی گروپێکی سیاسی یان ڕێکخراوێکی حیزبیدا نییە.

پوختەی ئەوەی دەربارەی (مارکسیزم)ی بونگەراو ڕوانگەی بونگەرایانەی سارتەر باسکرا، بونگەرایی جەخت لەسەر ئازادی تاکە کەسی دەکاتەوەو کردەی ئازادانەی مرۆڤ بە پڕۆژەی خولْقاندنی جەوهەر دادەنێت. لەم میانەیەشدا (مارکسیزم) لە باسەکانی تایبەت بە ڕۆڵی پراکسیس لە دروستکردنی کۆمەڵگەی مرۆیی و فەراهەمکردنی هزری مرۆڤ لە بونگەرایی نزیک دەبێتەوەو (ژان پۆل سارتەر) دەبێتە پردی پەیوەندی نێوان ئەم دوو فەلسەفەیە. لێرەشەوە (سارتەر) هەلی گەیاندنی مرۆڤ بە ئازادی کە لای ئەو بنەڕەتی بوونە لە (مارکسیزم)دا دەبینێتەوەو ڕێگەی گەیشتن بەو ئازادیەش لای ئەو ئاشتیخوازانەو مرۆڤدۆستانەیەو دژی گۆڕانی توندوتیژانەیە کە بە خواستی حیزبێکی ڕێکخراوی خاوەن دیسپلین بەڕێوە بچێت، بەم مانایەش پرسی گۆڕانی سیاسی لە هزری (سارتەر)دا خۆی لە گۆڕانێکی ڕیشەیی بەرەو سۆسیالیزم دەبینێتەوەو بکەرانی ئەم گۆڕانەش تاکە کەسی ئازادو خەڵکی نارێکخراوە، نەوەک گروپێکی دیسپلینکراوی ڕێکخراوی توند وەکو ئەوەی (ستالین) پیادەیدەکرد.

(مارکسیزم)ی بونگەرا بە شێوەیەکی گشتی ڕێبازێکی شۆڕشگێڕی یان بزوتنەوەیەکی گۆڕانخواز بە ئاڕاستەی سۆسیالیزم نەبوو، بەڵکو هزرێکی فەلسەفی و ئەدەبی بوو بۆ دژایەتیکردنی سیستمی سەرمایەداری و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵگەی بۆرژوازی. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەو هزرەی بونگەرایی، کە پێیوابوو لە سەرمایەداریدا ئازادی مرۆڤ سەرکوت دەکرێت و مرۆڤ ناتوانێت بە بوونی ڕەسەنی خۆی بگات، بەڵام بیرمەندە بونگەراکان هیچ دەرچەیەکی ڕزگاربوونیان لە سەرمایەداری نەدەبینییەوەو بەمەش ڕوانگەیەکی ڕەشبینانەو بێهودانە بەسەر فەلسەفەکەیاندا زاڵ بوو.

## باسی دووەم
## مارکسیزمی بونیادگەرا

(بونیادگەرایی) وەکو ڕەوتێکی مەعریفە بە کارەکانی زمانناسی سویسری (فردیناند دی سوسێر ١٨٥٧-١٩١٢) دەستپێکردو دواتر لە لایەن ئەنسرۆپۆلۆژیستی فەرەنسی- (لوی شتراوس) ەوە لە پانتایی زمانەوە بۆ پانتایی کۆمەڵگە گوازرایەوە، بە گوێرەی (دی سوسێر) هەموو حەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بونیادی بنەڕەتی زمان دادەمەزرێن، لەم ڕوانگەیەشەوە لە بونیادگەراییدا جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە یەکە جیاجیاکانی هەر سیستمێک تەنها بەهۆی پەیوەندیان لەگەڵ یەکتری، بە چەشنێک کە سیستمێکی دیاریکراو پێکدێنن، مانا پەیدا دەکەن ( Delanty/ Gerard, 2005, 105). لێرەشەوە بوونیادگەرایی بایەخ بە توێژینەوەو دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانە دەدات، کە لە ناو یەکە جیاوازەکانی هەر بونیادێکدا هەیە، بەم واتایە بونیادگەرایی دەبێتە ڕێڕەوێکی پشکنین و توێژینەوە زیاتر لەوەی ڕێبازێکی فەلسەفی یان زانستێکی دیاریکراوو چەسپاو بێت، ڕێڕەوێکە لە پەیوەندییەکان دەکۆڵێتەوە نەوەک لە شتەکان (محەمەد/ سماح ڕافع، ٩٣).

ڕوانگەی (بونیادگەرایی) لە (مارکسیزم)دا لە دەیەکانی شەست و حەفتای سەدەی بیستەمدا لە فەرەنسا لەگەڵ نووسینەکانی (لویس ئاڵتۆسێر) و (نیکۆس پۆلانزاس) لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی نوێوە بۆ (مارکسیزم) سەریهەڵدا (پۆلادی/ کەمال، ٢٠١٩، ٨٧). ئەم ڕوانگەیە جەختی لەسەر لایەنە دیتێرمینیستی و ئیکۆنۆمیستیەکان لە هزری (مارکس)دا دەکردەوە، کە بە گوێرەی ئەوە گرنگی و باڵاتربوونی بارودۆخی بابەتی لە چاو ویستە خودییەکان جێگەی بایەخ بوو (بەشیریە/ حسێنی، ٢٠٠٩، ٣٢٤).

یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی باس و بابەتی (مارکس)یە بونیادگەراکان باسی دەوڵەت و پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتییەکان بوو (بەشیریە/ حسێنی، ٣١٦). لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەزگاکانی دەوڵەت بە شێوەیەک ئەرکەکانی ئەنجامدەدات کە زامنی بەردەوامێتی سیستمی سەرمایەداری بکات،


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

واتا ئەرکی دەزگاکانی دەوڵەت لە پێناوی بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدایە (الماركسية البنوية: https://ar.wikipedia.org/wiki). ئەوان لەم بۆچوونەیاندا پشتیان بە نوسینە پاشترەکانی (مارکس) لە کتێبی سەرمایەدا دەبەست، کە تیایدا (مارکس) سەرمایەداری وەکو بونیادێکی پتەوو بەهێز سەیر دەکات کە لە میانەیدا کرێکاران و خودی سەرمایەدارانیش بەبێ ویستی خۆیان پەیڕەوی لە لۆژیک و یاساکانی سەرمایەداری دەکەن (بەشیریە/ حسێنی، مارکسیزم، ٢٠٠٩، ٣٢٤)، بە بڕوای (مارکس) تاکەکانی مرۆڤ دەکەونە ژێر باری پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتی کە ناتوانن لێی دابڕێن و سەرەنجام ئەو پەیوەندییانە وشیاریان دیاریدەکات (لوفیڤر/ هنري، 2012، ٧٥).

بونیادگەراکان وا دەبینن کە شکڵگرتنی دەوڵەت لەسەر شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە شێوەیەکی فەرمی لەبەربوونی ئەندامانی سەرمایەداری نییە لە پۆستەکانی دەوڵەتدا، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە دەوڵەت لۆژیکی بونیادی سەرمایەداری لە دامەزراوە ئابوری و سیاسی و ئایدۆلۆژیەکاندا سەرلەنوێ بەرهەمدێنێتەوە **(الماركسية البنوية: https://ar.wikipedia.org/wiki)**.

(مارکسیزم)ی بونیادگەرا لەم ڕوانگەیەوە وا سەیری سەرمایەداری دەکات، کە بونیادێکی بەهێزو کۆنترۆڵی ویستی تاکەکان بە سەرمایەدارو کرێکارەوە دەکات، بەم پێیەش سەرمایەداری لە ڕێگەی تواندنەوەی ویست و ویستی پرۆلیتار بۆ گۆڕینی سیستم لە نێو خودی سیستمدا، توانایی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و وەرچەرخانی سۆسیالیزم دەکاتە ئەرکێکی زەحمەت. دەوڵەتیش لەم میانەیەدا ڕۆڵی پاراستنی سەرمایەداری لە درێژ مەودادا دەبینێت. لێرەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە (مارکسیزمی بونیادگەرا)و ڕوانگەکانی دەربارەی گۆڕانی سیاسی، باس لە دوو بیرمەندی دیاری ئەم قوتابخانەیە دەکەین کە هزرەکانیان لە داڕشتنی ڕوانگەی (مارکسیزمی بونیادگەرا)دا کاریگەر بوو، ئەوانیش بریتین لە (لویس ئاڵتۆسێر) و (نیکۆس پۆلانزاس).

## تەوەری یەکەم

## لویس ئاڵتۆسێر- Louis Althusser (١٩١٨-١٩٩٠)

(لویس ئاڵتۆسێر) لە ڕێگەی سەرلەنوێ ڕاڤەکردنەوەی فەلسەفەی (مارکسیزم) و ڕێبازە دیالێکتیکەکەی پەرە بە (مارکسیزم) دەدات و دەیەوێت بیکاتە فەلسەفەیەک کە لە پێشکەوتنی مرۆڤدا بەشدار بێت (محەمەد/ سەاح رافع، ٩٦). ئەو لە کتێبی (خوێندنەوەی سەرمایە) دا هەوڵدەدات بیروراکانی (مارکس) لە کتێبی سەرمایەدا فراوان بکات و لە چوارچێوەی بوارە وشکە ئابوری یان سیاسیەکەی تێی پەڕێنێت و بابەتگەلی تری زمانەوانی و مێژوویی و فەلسەفی بداتە پاڵ (محەمەد/ سەاح رافع، ٩٧).

لێرەشەوە بوونیادگەرایی لەسەر دەستی (ئاڵتۆسێر ١٩١٨-١٩٩٠) شکڵدەگرێت و ڕۆڵی بێ ئەملاو ئەولای بونیادەکان لە دیاریکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە هزری ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت. لەبەرتربوونی ژێرخان یان سەرخان بابەتی ڕوانینی (ئاڵتۆسێر) نییە، بەڵکو ئەو سەرمایەداری وەکو بونیادێک دەبینێت کە سەرخان و ژێرخان خزمەتی یەکدەکەن. لای ئاڵتۆسێر پراکسیس یان چالاکی سیاسی چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییەو تەنها وەک هەڵگری پەیوەندییە بونیادیەکان دێنەژمار (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦٠)، لە جیاتی چەمکی ژێرخان و سەرخان کە لە (مارکسیزمی کلاسیکدا) بەکاردەبرێت، بە بڕوای (ئاڵتۆسێر)، دەبێت باس لە سێ بونیادی ئابوری و سیاسی و ئایدۆلۆژیک بکرێت، کە بە تەواوی ئاوێتەی یەکتری بوون و لێکجیاکردنەوەیان زەحمەتە، لای (ئاڵتۆسێر) هەریەک لەو سێ بونیادە خاوەنی ناکۆکی ناوخۆیی و مێژووی گەشەکردنی تایبەت بە خۆیەتی و هەریەکەیان کاریگەری تایبەت بەخۆی لە دوبارە بەرهەمهێنانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتیدا هەیە، لەم ڕوانگەیەشەوە سیاسەت و ئایدۆلۆژیا تەنها ڕەنگدانەوەی ژێرخانی ئابوری نین، بەڵکو خۆیان ئەو ژێرخانە دادەڕێژن (سکوت/ جون، ٢٠١٣، 33).

لەم بارەشدا (ئاڵتۆسێر) ڕۆڵێکی گرنگ بە ئایدۆلۆژیا دەبەخشێت و وایدادەنێت کە ئایدۆلۆژیا ئەو میکانیزمەیە کە بە هۆیەوە چینی بۆرژوا دوبارە هەژموونی چینایەتی خۆی دەسەپێنێت، بە بڕوای ئەو، ئایدۆلۆژیا ئەو چوارچێوەیە پێشکەشدەکات کە لە ناویدا خەڵک پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژین دروستدەکەن، بەم مانایە هیچ کەسێک نییە نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیاوە (لیتشە/ جۆن، ٢٠١٢، ٩٦)، لە باوەڕی (ئاڵتۆسێردا) ئایدۆلۆژیا ڕاستیەکی مادیەو لە دەزگاو شێوازو ڕۆڵە بابەتییەکاندا دەردەکەوێت. ئایدۆلۆژیاو دەزگای ئایدۆلۆژیک وەک هێزی مادی کاریگەریان لەسەر تاکە کەس هەیە (سکوت/ جون، 34).

(ئاڵتۆسێر) بەڵگە دێنێتەوە، کە تاکەکان بە دڵخوازی خۆیان دەبنە پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایەک و دەزگا ئایدۆلۆژیاکان بە گشتی ئەرکی دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانیان لە ئەستۆدایە. ئایدۆلۆژیای چینی دەسەڵاتدار تەنها بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە دەست ئەو چینەدایە نابێتە ئایدۆلۆژیای زاڵ، بەڵکو پرۆسەکانی بە کۆمەڵایەتیبوون لەناو دەزگا ئایدۆلۆژیاکاندا، گرنگترین هۆکارە لەو پەیوەندییەدا. چینی دەسەڵاتدار ئەو چینەیە کە دەزگا ئایدۆلۆژییەکانی دەوڵەتی لە بەردەستدا بێت، لەم میانەیەشدا دەوڵەت لە ڕێگەی سەپاندنی ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە، ڕۆڵی گرنگ لە سەرلەنوی بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێت (بەشیریە/ حسێنی، ٣٥٨).



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

(ئاڵتۆسێر) بەپێی ئەوەی خرایەڕوو، سەرمایەداری وەکو بونیادێکی بەهێز تەماشا دەکات، کە لە چەندین بونیادی لاوەکی خاوەن سەربەخۆیی ڕێژەیی پێکهاتووە، کە تواناى تێپەڕاندنیان ئاستەمە. ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی کە دەوڵەت بە بەردەوامی لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە خواستی سیستم وەکو ویست و ویستی گشتی دەخاتەڕوو، کە سەرەنجام لە سایەیدا خەڵک خواستی دەوڵەت کە هەمان خواستی سەرمایەداریە وەکو خواستی خۆی سەیر دەکات و بەم پێیەش سیستەم بە بەردەوامی لە دۆخی دوبارە بەرهەمهێنانەوەدا دەبێت، بەم پێیەش تێپەڕاندنی سەرمایەداری و گۆڕانی سۆسیالیستی زۆر ئاستەم دەبێت و پرۆلیتاریا تواناى ئەنجامدانی شۆڕشی نابێت.

لێرەشەوە بە گوێرەی (ئاڵتۆسێر)، سیستمی سەرمایەداری لە ڕێگەی گۆڕانی ژێرخانەوە گۆڕانی بەسەردا نایەت، وەکو ئەوەی لایەنی ئیکۆنۆمیستی لە (مارکسیزم)دا جەختی لەسەر دەکردەوە، بە هەمان شێوە بەهۆی شۆڕشی کلتوریەوە ناگۆڕێت، وەکو ئەوەی (مارکسیزم)ی فەلسەفی بۆیدەچوو، بەڵکو سەرمایەداری لای ئەمان تەنها لە بونیادی ژێرخان و سەرخاندا کورت ناکرێتەوەو لە چەندین بونیاد پێکهاتووە، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتدا بە بەردەوامی سیستم بەرهەمدێننەوەو دەوڵەتیش لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە خواستی سەرمایەداری وەکو خواستی خەڵک نیشاندەدات و خەڵکیش لە ژێر کاریگەری ئەم بونیادەدا، لە خزمەتی بەرهەمهێنانەوەی خواستی سیستمدا دەبن، بەم پێیەش لە بۆچوونی (مارکسیزمی بونیادگەرادا) لای (ئاڵتۆسێر) گۆڕانی سیاسی کارێکی زەحمەتەو تێپەڕاندنی سەرمایەداری و بەدیهێنانی سۆسیالیزم بەهۆی ڕۆڵی ئایدۆلۆژیانەی دەوڵەتەوە زۆر ئەستەمە.

## تەوەری دووەم

## نیكۆس پۆلانزاس – Nicos Poulantzas (١٩٣٦-١٩٧٣)

(نیکۆس پۆلانزاس) تیۆرسێنێکی فەرەنسی- بە ڕەچەڵەک یۆنانی بوو. کاری ئاڵتۆسێری سەبارەت بە ئاوێتەبوونی (مارکسیزم) لەگەڵ لێکدانەوە بونیادگەراکان درێژە پێدا. (پۆلادی/ کەمال ،٩٥). نووسینە سەرەتاییەکانی (پۆلانزاس) دەربارەی تیۆری (مارکس)ی بە تایبەت چینە کۆمەڵایەتییەکان، دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەت بوون و (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦١). لە نووسینەکانیدا دەوڵەت وەک هۆکاری یەکڕیزی و دوبارە بەرهەمهێنانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦٢).

(پۆلانزاس) لە نووسینەکانی سەرەتایدا دەوڵەت وەکو گۆڕەپانی باڵادەستی چینایەتی تەماشا دەکات و وەکو ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە چینایەتییەکانی پانتایی ئابوری لە ئاستی پانتایی سیاسیدا لێیدەڕوانێت، بەو پێیە، بونیادی ئابوری و پەیوەندییە چینایەتییەکان، شێوازو سروشت و چۆنێتی ڕۆڵەکانی دەوڵەت دیاریدەکەن (Session/ David, 2019)، بەڵام لە نووسینەکانی دواتریدا بۆ نموونە لە کتێبی (دەوڵەت، دەسەڵات، سۆسیالیزم)، ئەم بۆچوونەی دەگۆڕێت و جەخت لەسەر کاریگەری خەباتی چینایەتی لە پێکهێنانی دەوڵەتدا دەکاتەوە. لەم ڕوانگەیەدا دەوڵەت لە بناغەدا بونیاد نییە، بەڵکو کۆمەڵێک پەیوەندییە کە لە ژێر کاریگەری خەباتی چینایەتیدا دێتەبەرهەم (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦٤). لێرەدا ڕۆڵی کردەوەو پراکیسی- هێزو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە پێکهاتنی دەوڵەتدا دەردەکەوێت و دەوڵەت وەکو گۆڕەپانی گرژی و خەباتی چینایەتی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی دێتەئەژمار (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦٥).

بەم پێیە دوو ڕوانگە سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی دەوڵەت لای (پۆلانزاس) بوونی هەیە، سەرەتا دەوڵەت وەکو نوێنگەی چینی باڵادەست و دواتر وەکو گۆڕەپانی خەباتی چینایەتی. ڕوانگەی یەکەم نزیکایەتی لەگەڵ دیدگای (مارکسیزم)ی کلاسیک هەیەو هەرچی ڕوانگەی دووەمە بابەتێکی نوێترە.

(پۆلانزاس) بە هەمان شێوەی (ئاڵتۆسیر) بایەخێکی زۆر بە ڕۆڵی ئایدۆلۆژیا لە سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەدات، لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو چینەی کە لە جەمسەربەندی دەسەڵاتدا خاوەنی هێزو هەژموونە بە پشتبەستن بە ئایدۆلۆژیا، خۆی وەکو سەرچاوەی بەرژەوەندی گشتی دەناسێنێت و هەوڵدەدات پشتیوانی چینە ژێردەستەکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت (پۆلادی/ کەمال، ٩٨). دەرئەنجامیش باڵادەستی سیاسی وەک باڵادەستی چینایەتی دەرناکەوێت و وا پیشاندەدرێت کە هیچ ناکۆکی و گرژیەکی چینایەتی لە ئارادا نییە. ئایدۆلۆژیا لەم ڕوانگەیەوە بەشێکە لە خەباتی چینایەتی، چونکە باڵادەستی و چەوساندنەوەی چینایەتی پەردەپۆش دەکاو لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی بوونی هەر چەشنە خەبات و گرژییەکی چینایەتیەوە ڕۆڵێکی کارا لە یەکڕیزی سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێت (بەشیریە/ حسێنی، ٣٦٧)، بەڵام لە بۆچوونی دەوڵەت وەکو گۆڕەپانی ململانێی چینایەتی وا لێکدەدرێتەوە کە ململانێ و خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا دزە دەکاتە نێو بونیادی دەوڵەتەوەو لە سەر سیاسەتەکانی دەوڵەت وەکو ڕەنگدانەوەی ململانێ لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاریگەری دادەنێت، لەم لێکدانەوەیەدا، ئەگەری دزە کردنی بەشێک لە چینە ژێردەستەکان بۆ ناو بەشێک لە دەسەڵاتی سیاسی لە ئارادا دەبێت (پۆلادی/ کەمال، ٩٩). گۆڕانی سیاسیش لای (پۆلانزاس) لەم میانەیەدا بەدیدێت و دەرئەنجامی ئەو خەباتی چینایەتییە کە لە پانتایی دەوڵەتدا لە ئارادایە.

بەم پێیە لای (پۆلانزاس) جارێک دەوڵەت نماییندەی چینی باڵادەستەو گوزارشت لە بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە دەکات کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستەوەیە. دەوڵەت لەم بارەدا لە ڕێگەی ئایدۆلۆژیاوە بەرژەوەندی چینی باڵادەست وەکو بەرژەوەندی گشتی دەخاتەڕوو، سەرەنجامیش گوێڕایەڵی



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

چینە بندەستەکان بەدەستدەهێنێت و وانیشاندەدات کە هیچ ناکۆکییەکی چینایەتی لە ئارادا نییە، بەڵام لە نیشاندانی دەوڵەت وەکو گۆڕەپانی ململانێیی چینایەتی ئەوە دەگەیەنێت کە چینەکان لە چوارچیوەی دەوڵەتدا خەبات لەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات دەکەن و ئەو چینەی دەگاتە دەسەڵات، لە هەمان کاتدا دەست بەسەر بونیادی بەرهەمهێنانیشدا دەگرێت، بەم پێیەش ئاڵوگۆڕ لە بونیادی دەسەڵاتدا، ئاڵوگۆڕ لە بونیادی ئابوریدا بەدیدێنێت، هەر ئەمەش مانای گۆڕانی سیاسی لای (پۆلانزاس) دەگەیەنێت.

(پۆلانزاس) هەوڵیدا وشیاری دەربارەی ستراتیژی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ بەرگری لە دیموکراسی پەرلەمانی دژی ئەوەی پێیدەوت (دەسەڵاتخوازی دەوڵەتگەرایی- authoritarian Statism) پێکەوە گرێبدات، لەم روانگەیەشەوە پێیوابوو هەرچەندە "مێژوو هێشتا ئەزموونێکی سەرکەوتووانەی رێگەی دیموکراسیانەی بەرەو سۆسیالیزم پێنەداوین"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئەو دەیووت "سۆسیالیزم یان دیموکرات دەبێت یاخود بە هیچ جۆرێک بوونی نییە" (David Session).

بەم پێیەش گۆڕانی سیاسی لە هزری (پۆلانزاس)دا وەکو بیرمەندێکی (مارکس)ی خۆی لە گوزەر بەرەو سۆسیالیزم و لەبەینبردنی سەرمایەداریدا دەبینییەوە، ئەو میتۆدەشی کە بۆ ئەم گۆڕانە پەسەندیدەکرد میتۆدی ئاشتیخوازانەو دیموکراسیانەو خەباتی پەرلەمانی بوون، نەوەک میتۆدی توندوتیژانەی شۆڕشگێری.

پوختەی ئەوەی دەربارەی (مارکسیزم)ی بونیادگەرا خرایەڕوو، دەردەکەوێت کە پرسی گۆڕانی سیاسی لای مارکسیە بونیادگەراکان بە تەواوی لە روانگەی مارکسییە کلاسیکیەکان لە لایەک و مارکسییە فەلسەفییەکان لە لایەکیتر جیاوازە. لای بونیادگەراکان لە بری باسی سەرێتی سەرخان و ژێرخان، باس لە بونیادی سەرمایەداری وەکو گشتێک دەکرێت کە لە چەندین بونیادی لاوەکی پێکدێت و گۆڕانی ئەو بونیادانە ئاڵوگۆڕ لە پێگەی دەسەڵاتدا دروستدەکەن. بەم پێیەش دەوڵەت لە رێگەی ئایدۆلۆژیاوە هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتی و کەمکردنەوەی خەباتی چینایەتی دەدات و لە لایەکیتر چینەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتدا ململانێی چینایەتی دەکەن و ئەو چینەی دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرێت ئایدۆلۆژیا لە بەرژەوەندی خۆی بۆ دەستگرتن بەسەر بونیادی ئابوریشدا بەکاردێنێت، بەم پێیەش پرسی گۆڕانی سیاسی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە بەردەوامی لە ناو سیستەمدا روودەدات و گۆڕانەکانیش لە خزمەتی مانەوەی سیستەمدا دەبن، دەرچەیەکیش کە ئەگەری تێپەڕاندنی سەرمایەداری هەبێت لە دیدی ئەواندا خەباتی دیموکراسی و ئاشتیانەیە نەک توندوتیژی و کردەی شۆڕشگێڕانە.

## باسی سێیەم
## (قوتابخانەی فرانکفۆرت) و هزرەکانی هێربەرت (مارکۆزە)

### تەوەری یەکەم
### تیۆری رەخنەیی وەکو پارادایمێکی نوێی گۆڕانی سیاسی

(قوتابخانەی فرانکفۆرت) یەکێکی ترە لەو روانگە جیاوازانەی دەربارەی هزری (مارکسیزم) لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا، ئەم قوتابخانەیە ئاماژەبوو بۆ دەستەیەک لە بیرمەندانی چەپی ئەڵمانی بە رەگەز جولەکە کە لە (پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی)کاریاندەکرد (Delanty/ Gerard, 2005, 74). ئەم پەیمانگایە بنەمای دەستپێکی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) و ئەو بونیادە رێکخراوەبوو کە قوتابخانەکەی لەسەر دامەزرا. پەیمانگاکە لە (١٩٢٣/٢/٣) بە فەرمی بە فەرمانی وەزارەتی فێرکردن دامەزرێنراو لکێنرا بە زانکۆی فرانکفۆرتەوە (بوتومور/ توم، ١٩٩٨، 37). دامەزراندنی ئەم پەیمانگایە لەو کاتەدا وەڵامدانەوەی پێویستی سەرلەنوێ پیداچوونەوەی هزری (مارکسیزم) لە لایەن بیرمەندانی چەپی ئەڵمانیاوە بوو، بە تایبەتی لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (بەلشەفی) لە روسیاو شکستهێنانی بزوتنەوە چەپ و سۆسیالیستەکان لە ئەوروپا بە تایبەتی ئەڵمانیا، کە گومانی لەسەر پێشبینییەکانی (مارکس) دروستکردبوو (بوتومور/ توم، ٣٨). بیرمەندانی چەپی ئەڵمانی لەو کاتەدا گرتنەبەری میتۆدێکی رەخنەییان بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخە نوێیەکە بە پێویست زانی، بۆیە دەستیانکرد بە بیناکردنی (تیۆری رەخنەیی) لە پێناوی شیکردنەوەی هۆکارەکانی شکستهێنانی بزوتنەوە مارکسیەکان لە رۆژئاوا (النبواني/ خلدون، 2011، 40). لێرەشەوە رەخنە بوو بە ئامرازی سەرەکی خەباتی سۆسیالیستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری و توێژینەوەی ئاستەنگەکانی بەردەم گەیشتن بە سۆسیالیزم. پەیمانگای توێژینەوەی کۆمەڵایەتیش کە لە دواییدا بە (قوتابخانەی فرانکفۆرت) ناسرا ئەرکێکی ئەوتۆی خستە ئەستۆو گرتنەبەری رێبازێکی رەخنەییانەی بۆ راڤەکردن و تێگەیشتنی بارودۆخە نوێیەکان بە گرنگ زانی.

بەڕێوەبردنی پەیمانگاکە لە سەرەتای دامەزراندییەوە لە ساڵی (١٩٢٣) تا ساڵی (١٩٢٩) بە (کارل گروینبێرگ- K. Grunberg) سپێردراو تیایدا روانگەی (مارکسیزم)ی ئۆرتۆدۆکسی باڵادەست بوو، بەڵام لەگەڵ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکایەتی پەیمانگاکە لە لایەن (ماکس هۆرکهایمەر) موە لە ساڵی



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

(١٩٣١)دا، ڕوانگەی پەیمانگاکە گۆڕاو هێواش هێواش لە ڕێبازی ئۆرتۆدۆکسیانەوە بۆ ڕێبازی ڕەخنەییانە وەرچەرخاو لە پێناوی ڕاڤەکردنی واقیعە نوێیەکان هزری (مارکسیزم) تێکەڵ بە تێڕوانی دەروونشیکاری (فرۆید) و فینۆمینۆلۆژی (هۆسرەڵ) کرا. گرنگیدان بە کلتور و ئایدۆلۆژیای گرێدراو بە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکان کە ئەورووپاو ئەڵمانیای لەو ماوەیەدا گرتبووەوە بایەخی پەیداکرد (شریف/ ئاریان رشید، 2014، 9). ڕەخنە لە دیدی بیرمەندانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)دا ئامڕازی سەرەکی خەباتی سۆسیالیستی و گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو. ئەوان میتۆدێکی ڕەخنەییان لە هەمبەر ڕوانگەی (مارکسیزم)ی ئۆرتۆدۆکسی و عەقڵی ڕۆشنگەری و ڕێبازی پۆزەتیڤیزم گرتەبەرو لەگەڵ بڵاوبونەوەی توێژینەوەکەی (هۆرکهایمەر) بە ناونیشانی (تیۆری نەریتی و تیۆری ڕەخنەیی) لە ساڵی ١٩٣٧ و بڵاوبوونەوەی بابەتێکی (مارکۆزە) بە ناونیشانی (فەلسەفەو تیۆری ڕەخنەیی) لە هەمان ساڵدا، چەمکی (تیۆری ڕەخنەیی) بوو بە ناونیشانێکی سەرەکی و بنەڕەتی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) (حسن/ حسن محمد، 1993، 108). ئەندامانی قوتابخانەکە بەو پێیەی زۆربەیان جولەکە بوون، لەگەڵ گەیشتنە دەسەڵاتی نازییەکان، ئەڵمانیان ڕووەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەجێهێشت و لەگەڵ کەوتنی نازییەکان لە ساڵی (١٩٥٠)دا جارێکی تر بۆ (فرانکفۆرت) گەڕانەوە (Delanty/ Gerard, 75).

بیرمەندانی قوتابخانەکە بۆ گەیشتن بە ڕاڤەیەکی ڕاستەقینە لە واقیع و مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، هزری (مارکس)یان لەگەڵ دیدگای فەیلەسوفانی تر گرێدا، تا لەو ڕێگەیەوە تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە واقیع بەدەستبهێنن، لەم میانەیەشدا دەروونشیکاری فرۆییدی لە دیدی بەشێکی زۆری بیرمەندانی قوتابخانەکە ڕۆڵی گرنگ و بنەڕەتی لە شیکردنەوەی دۆخی کۆمەڵایەتی هەبوو.

(ئێریک فرۆم) و (هێربەرت مارکۆزە) هەوڵیاندا لە پرۆسەی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا سوود لە ڕێبازی دەروونشیکاری وەربگرن و لە لایان لێکنزیکیەکی قووڵ لە نێوان شیکردنەوەی دەروونی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوونی هەبوو، هەر بۆیە ئەوان هزری کۆمەڵناسانەی (مارکس)یان تێکەڵ بە ڕوانگەی دەروونشیکارانەی فرۆیید کردو سەیرکردنی کۆمەڵگەیان لە چاویلکەی دەروونشیکاریەوە بە پێویست زانی (عبدالكريم/ حنان مصطفى، ٢٠١٠، ١٦). (هۆرکهایمەر)یش هەوڵیدا گونجان لە نێوان تێگەیشتنی مادی و تێگەیشتنی ئایدیاڵی بۆ مێژوو بکات و پێیوابوو ناکرێت بڕوامان وابێت کە هزرەکان و ناوەڕۆکە ڕۆحیەکان کردەی بوونەوەری مرۆیی دیاریدەکەن، هەروەک چۆن هەڵەیە بڕوامان وابێت کە ئابوری تاکە واقیعی ڕاستەقینەیە (هاو/ آلن، 2010، 36). مانای ئەمەش ئەوەیە کە ژێرخانی ئابوری تاکە بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییەو سەرخانی کلتوریش کاریگەرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، شیکردنەوەی بونیادی هزری و کلتوری لە دیدی ئەندامانی قوتابخانەکەدا وەکو بنەمای گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەبەرتربوو (النبواني/ خلدون، ٤١).

بە بڕوای ئەوان (تیۆری ڕەخنەیی) ئامڕازی کاریگەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی سەرخانی کلتوری بنەمای سەرەکی بەگژاچوونەوەی سەرمایەداری و بەدیهێنانی سۆسیالیزمە (النبواني/ خلدون، 43)، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەخنەیان لە (فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم) دەگرت و بنەمای هزری پۆزەتیڤیستەکانیان ڕەتدەکردەوە، بەو پێیەی فەلسەفەیەکە پشتگیری لە مانەوەی دۆخی باو دەکات و بە بەردەوامی واقیع بەرهەمدێنێتەوە. ڕەخنەکانی (هۆرکهایمەر) لە (هێرشی کۆتایی بۆ سەر میتافیزیکا) و (تیۆری نەریتی و تیۆری ڕەخنەیی) ڕەخنە بوو لە (فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم) بە تایبەتی (پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی بازنەی ڤێنا)، ڕەخنەکانی لە بنەڕەتدا ئاڕاستەی هەموو ئەو ڕێبازە زانستیانە بوو، کە لە بەهای فەلسەفەیان کەمدەکردەوە بە قازانجی برەودان بە بەهای میتۆدی زانستی و سەپاندنی میتۆدی زانستی بەسەر هەردوو بواری سروشتی و کۆمەڵایەتی پێکەوە (شریف/ ئاریان رشید، ٢٢)، لە دیدی (هۆرکهایمەر)دا فەلسەفەی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بە هەموو جۆرەکانییەوە نمایشی ئاڕاستەی پۆزەتیڤیزم دەکەن، کە مەیلیان بۆ دابڕینی مرۆڤ لە ڕەهەندە مرۆییەکانی و پێناسەکردنی ژیانی مرۆڤ بە چەمککەلی زانستی ڕووتەوە هەیە (هاو/ آلن، ٣٧). هەروەها ڕەخنەگرتن لە عەقڵی ڕۆشنگەری بابەتی سەرەکی بیرمەندانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) بوو، ئەو عەقڵەی ئەوان بە (عەقڵی ئامڕازی) ناویان دەبردو مەبەستیان لێی ئەو عەقڵەبوو، کە فەلسەفەی ڕۆشنگەری مژدەی دەدا کە ئامانجی بە عەقڵانیکردنی جیهان و ئازادکردنی مرۆڤ بوو لە وەهم و خورافەکان، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوە سروشتێکی ناعەقڵانی گرتەبەرو لە میانەی گەشەسەندنی مێژوویی کە کۆمەڵگە پێشکەوتە پیشەسازییەکان بینیان ڕووەو تۆتالیتاریزم و بەرهەمهێنانەوەی خورافەو ئەفسانەی نوێ وەرچەرخا (بومنير/ كمال، 2010، 21).

(هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ) لە (دیالێکتێکی ڕۆشنگەری) دا ڕەخنە لە عەقڵی ڕۆشنگەری دەگرن و بەو عەقڵە وەسفیدەکەن، کە بە ناوی ڕزگارکردنی مرۆڤەوە، سروشتی خستە ژێر ڕکێفی خۆی، بەڵام بەمەوە نەوەستاو بەسەر مرۆڤیشدا زاڵبوو، ئەمەش لە ڕێگەی دورخستنەوەی مرۆڤ لە پێداویستیە مرۆییە ڕەسەنەکانی و سەپاندنی پێداویستیە ساختەکان بەسەریدا (عبدالكريم/ حنان مصطفى، 28). ئەوان لەو کتێبەدا ڕۆشنگەری بە جەختکردنەوەی فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم بە نوێنگەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەزانن نەک حەقیقەتی واقیعی، هەروەکو دەنووسن: "ڕۆشنگەری لە میانەی بیرۆکەی بەرجەستەبوویدا لە کەسایەتی و دامەزراوەکاندا، گوزارشت لە جوڵەی هەمەکی و کردەیی کۆمەڵگەی بۆرژوازی دەکات" (هورکهايمر/ ماكس-آدورنو/ تيودور، 2006، 16). بیرۆکەی پێشکەوتن لای ئەوان جگە لە خەیاڵێک کە پۆزەتیڤیزم بەڵگەی زانستی بۆ دێنێتەوەو لە سایەیدا دان بە ڕەوایی کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا دەنرێت شتێکی تر نییەو دەرچەی ڕزگاریش لەم دۆخە تەنها پەرەدانە بەو کەمە ئازادییەی کە ماوە (هورکهايمر/ ماكس- آدورنو/ تيودور، 6).


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

گۆڕانی سیاسیش لە دیدی بیرمەندانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت)دا بە گوێرەی ئەوەی خرایەڕوو، خۆی لە گۆڕینی دۆخی باوی بۆرژوازی و بەدیهێنانی کۆمەڵگەی سۆسیالیستی دەبینییەوە، کە تیایدا بە بڕوای ئەوان ئازادی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەرقەرار دەبێت. بەدیهێنانی ئەم گۆڕانەش لای ئەوان تەنها لە ڕێگەی خەباتی هزری و کلتورییەوە بەدیدێت ئەمەش لە میانەی ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەی کلتوری باوی بۆرژوازی و پەرەدان بە کلتوری سۆسیالیزم و کارکردن بۆ بارهێنانی خەڵک لەگەڵ شێوەژیانی سۆسیالیستانە، بەم پێیەش ئەوان دژی گۆڕانی شۆڕشگێڕانەو بەکارهێنانی ئامڕازی توندوتیژی بوون لە خەباتی دژە سەرمایەداری و بۆرژوازیدا، لەم ڕوانگەیەشەوە دژی شۆڕشی پرۆلیتاری بە مانا (لینین)ییەکەیی و بە هەمان شێوە دژی خەباتی دیموکراتی و پەرلەمانی بە مانا بێرنشتاینییەکەی بوون، بە هەمان شێوەش لەگەڵ خەباتی سەندیکایی و خۆپیشاندانی گشتی و جەماوەریشدا نەبوون وەکو ئەوەی (ڕۆزا لوکسەمبورگ) بۆیدەچوو.

## تەوەری دووەم
## هێربەرت مارکوزەو بکەری نوێی شۆڕش

(هێربەرت مارکۆزە) یەکێکە لە دیارترین بیرمەندانی نەوەی یەکەمی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) و ڕوانینەکانی سەبارەت بە بکەری نوێی شۆڕش و شێوازی بەگژاچوونەوەی سەرمایەداری جێگەی بایەخە. (مارکۆزە)، لە ساڵی (١٨٩٨) لە شاری بەرلین لە ئەڵمانیا لە دایک بووە، خوێندکاری (مارتن هایدیگەر) بووەو لە ساڵی (١٩٢٢) دکتۆرای لە فەلسەفەدا بەدەستهێناوەو لە ساڵی (١٩٧٩) ماڵئاوایی لە ژیان کردووە (عبدالكريم/ حنان مصطفى، ١٢). لە ساڵی (١٩٣٢)دا پەیوەندی بە (پەیمانگەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی) یەوە دەکات و دواى بە دەسەڵاتگەیشتنی نازییەکان، ئەڵمانیا ڕووە جنێڤ بەجێدەهێڵێت. دواتر بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کۆچدەکات و دوای گواستنەوەی پەیمانگەکەش لە (زانکۆی فرانکفۆرتەوە) بۆ (زانکۆی کۆڵۆمبیا) دەبێتە وانەبێژ لەوێ، لە زۆرێک لە زانکۆکانی جیهان کاری مامۆستایەتی کردووەو لە ساڵی (١٩٦٧)ەوە بووەتە مامۆستای هزری سیاسی لە شاری (سانتیاگۆی زانکۆیی) و تا مردنی لەوێ ماوەتەوە (بوتومور/ توم، 157).

هزرەکانی (مارکۆزە) لە بواری گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری و گەیشتن بە کۆمەڵگەی سۆسیالیستی زۆر کاریگەرە، بە پێچەوانەی بیرمەندانی تری نەوەی یەکەمی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) بە تایبەتی (ماکس هۆرکهایمەر)، کە ڕەشبینی و بێهیوایی بەسەریدا زاڵبوو، (مارکۆزە) بە بەدیهاتنی گۆڕان گەشبین بوو، بەڵام هاوشێوەی ئەوان بڕوای وابوو کە چینی پرۆلیتار چیتر بکەری گۆڕانی کۆمەڵایەتی نییەو ناتوانێت نوێنەرایەتی خەباتی سۆسیالیستی بکات (حسن/ حسن محمد، 118). ئەم بۆچوونەشی لەسەر بنەمای ئەو هزرە بونیاد نرابوو، کە بەرژەوەندی پرۆلیتاریا لە کۆمەڵگە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا لەگەڵ بەرژەوەندی بۆرژوازیدا گرێدراوەو ئەو سەرکەوتنەی لە سایەی عەقڵانییەتی تەکنەلۆژی ئامڕازیدا بەدەستهاتووە توانایی بەرەنگاری پرۆلیتاریای وەکو ئامڕازی بەگژاچوونەوەی سیستەم لەناوبردووە (بومنير/ كمال، ٢٠٥)، لە سەرمایەداری هاوچەرخدا بە بڕوای (مارکۆزە)، چینی پرۆلیتار قودرەتی نارەزایی و بەرەنگاربوونەوەی لە دەستداوەو بووەتە بەشێک لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری، لە سایەی ئەم دۆخەدا کرێکاران لە پێناوی بەرژەوەندیە ڕۆژانەییەکانی خۆیان خزمەت بە مانەوەی دۆخی باو دەکەن و لێکنزیکی شێوازی ژیانی کرێکاران و سەرمایەداران ڕۆحی بەرەنگاری و شۆڕشگێڕانەی چینی کرێکاری لەناوبردووە (ماركيوز/ هربرت، 2004، 44).

بە گوێرەی (مارکۆزە)، سەرمایەداری هاوچەرخ سیستمێکی یەکانگیرو تۆکمەیەو ئازادی مرۆڤ سنوردار دەکات، (مارکۆزە) بە پشتپەستن بە فەلسەفەی (هێگڵ) پێیوایە لە کۆمەڵگەی بۆرژوازیدا فۆرمی ڕاستەقینەی ئازادی لە ئارادا نییەو ئەوەی هەیە خەیاڵی ئازادیە (Marcuse/ Herbert, 2008, 52)، لەم کۆمەڵگەیانەدا بە بڕوای (مارکۆزە) دەسەڵات لە ژێر ناوی بەرژەوەندی ئاکاریدا، بە بەردەوامی سەرهەڵدەداتەوەو بە بەردەوامی داوای گوێڕایەڵی لە خەڵک دەکات (Marcuse/ Herbert, 80.). لە کتێبی (ئیرۆس و شارستانێت)دا، کە لە ساڵی (١٩٥٥)دا نووسی، زاڵبوونی ڕوانگەی عەقلگەرایی لە کۆتکردنی ئازادییە سێکسیەکان و سەرەنجام بەکۆیلەکردنی مرۆڤ ئاماژە پێدەدات (حسن/ حسن محمد، 133)، لەم کتێبەدا هەوڵدەدا ئەوە بسەلمێنێت کە ئازادکردنی سێکسی و ئەو دەرئەنجامەی لێیدەکەوێتەوە لە پەیوەندییە کەسیەکان دوو توخمی گرنگن لە پرۆسەی ئازادخوازیدا. بە گوێرەی (مارکۆزە) سەرکوتکردنی سێکسی بە درێژایی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆیی ئامانجی پارێزگاریکردن بووە لە هێشتنەوەی شێوازگەلی دیاریکراوی دەسەڵاتخوازی کۆمەڵایەتی لە دۆخی دەگمەنێتی ئابوریدا، لەگەڵ نەمانی ئەم دەگمەنییەتیەشدا، دەکرێت ئەم سەرکوتە کۆتایی بێت و لەو کاتەشدا ئازادی سێکسی-سەرجەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تر دەگۆڕێت (بوتومور/ توم، ١٠٠).

لێرەوە (مارکۆزە) بەدوای ئەو دەلاقەیەدا دەگەڕێت، کە دەکرێت لێوەی مرۆڤ دۆخی باو تێپەڕێنێت و لە کۆت و بەندی سیستەم دەرباز بێت، لەم پێناوەشدا لە دوای بێئومێدبوونی لە چینی کرێکار و شۆڕشی پرۆلیتاری لە بەدیهێنانی ئەم ئەرکە، (مارکۆزە) ڕادەستی ڕۆحی بێهیوایی نابێت و بڕوای وایە هێشتا هێزگەلێک لە کۆمەڵگەدا لە ئارادان کە تیایاندا ڕۆحی ڕەتکردنەوە خۆی حەشارداوە (حسن/ حسن محمد، ١٦٩). ئەو هێزە نوێیانەش لە


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

ڕوانگەی (مارکۆزە)وە هێزگەلێکن کە لە دامەزراوە باوەکاندا نەتوانەتەوەو ڕادەستی سیستم نەبوون، ئەم هێزانە ئەوە ڕەتدەکەنەوە کە خۆیان ڕادەستی دۆخی باو بکەن و بە گژ هەموو شێوازێکی زاڵبووندا دەچنەوە (بومنير/ كمال، ٢٠٧).

بەم مانایەش لای (مارکۆزە) توانای بەرەنگاری لەسەر بنەمای هزری شۆڕشگێڕانەی چینی پرۆلیتار ناوەستێت، بەڵکو تەنها ئەو هێزانە دەتوانن سیستم بگۆڕن، کە خۆیان لە دەرەوەی سیستم بن و بەشێک نەبن لێی، بە بڕوای (مارکۆزە) سەرمایەداری هاوچەرخ هەموو شتێک قووتدەدات کە بکەوێتە ناویەوەو لەم ڕوانگەیەشەو چینی پرۆلیتار بووەتە بەشێک لە سیستمی باوو بەرگری لە مانەوەو بەردەوامێتی سیستم دەکات، هەر بۆیە (مارکۆزە) بەدوای جێگرەوەی هێزی پرۆلیتاردا دەگەڕێت و بەو هێزانە هیوادارە کە هێشتا نەکەوتوونەتە ژێر هەژموونی سیستم، گۆڕانی سیاسیش بە بڕوای ئەو هەر بەوان بەدیدێت.

یەکێک لەو میکانیزمانەی بەرەنگاریش لای (مارکۆزە) (هونەرو جوانیناسیە). لە هزری (مارکۆزە)دا، (ڕەهەندی جوانیناسی) یەکێکە لەو ئامڕازە بەردەستانەی کە یارمەتی مرۆڤ دەدات لە ژێر زەبروزەنگ و زاڵمێتی سیستم بێتەدەرەوە، بە بڕوای (مارکۆزە) شارستانێتی هاوچەرخ لەسەر بنەمای لە مرۆڤخستنی مرۆڤ دامەزراوەو ئەرکی مرۆڤیشە خەبات بۆ گێڕانەوەی مرۆڤێتی خۆی لە سایەی شارستانێتێکی جێگرەوەوەدا بکات کە تیایدا ڕەهەندی جوانیناسی ببێتە پەناگە (عبدالكريم/ حنان مصطفى، ١٢٤)، لە میانەی خەیاڵدا بە بۆچوونی (مارکۆزە) مرۆڤ دنیایەک لە دەرەوەی واقیعی باو دروستدەکات کە نوێنەرایەتی سیمبولی ناوچەیەکی ڕێک و پێک و دەستلێنەدراو دەکات، کە بنەمای واقیع ناتوانێت شکۆی بشکێنێت (حسن/ حسن محمد، ١٤١). بە بڕوای ئەو خەیاڵ وەکو پڕۆسەیەکی عەقڵی سەربەخۆ توانایەکی زەبەلاحی لە ئافراندنی جیهانێکی ئایدیاڵی ئازاددا، کە واقیعی مرۆیی ناهەموار تێدەپەڕێنێت هەیە، دەڵێت: "ئامانجی خەیاڵ سەرلەنوێ گونجاندنە لە نێوان تاک و گشت، ئارەزوو بەدیهێنانی ئارەزو، شادومانی و عەقڵ، کاتێک ئەم هارمۆنی و پێکەوەگونجانە بۆ بواری یۆتۆپیا گوزەر دەکات بە هۆکاری بنەمای واقیعی باو، ئەوا خەیاڵکردن وا دەردەکەوێت کە دەکرێت و لەوانەیە بگۆڕێت بۆ واقیع (حسن/ حسن محمد، 142)، بەم پێیە گرنگی خەیاڵ لە دیدی (مارکۆزە)دا تەنها لە ڕەهەندە ڕۆحیەکەیدا بەرجەستە نابێت، بەڵکو لە توانای بەرەنگاربوونەوەو بەگژاچوونەوەی دۆخی باوو گۆڕینی واقیعی ناهەمواری سەرمایەداری بۆ واقیعێکی باشترو دادپەروەرانەترو مرۆڤانەتردا زیاتر گوزارشتی لێدەکرێت.

سەبارەت بە بکەرە نوێیەکانی شۆڕش و ئەو هێزانەی کە لە دیدی (مارکۆزە)دا توانای بەرەنگاربوونەوەی سیستم و ئەنجامدانی گۆڕانیان هەیە هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا، باس لە چەند توێژو دەستەو گروپێک دەکات، کە بە بڕوای ئەو هێشتا نەکەوتوونەتە ناو داوی سیستم و لە پەراوێزی سیستمدا ماونەتەوە، بەم پێیەش دەکرێت بە گژ سیستمدا بچنەوەو دۆخی ناهەمواری باو بگۆڕن.

(مارکۆزە) لێرەدا ئاماژە بە دوو توێژ دەکات، کە دەکرێت وەکو هێزی بەرەنگاری نوێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و بە بکەری نوێی گۆڕانی سیاسی لە قەڵەمبدرێن، کە بریتین لە:

توێژی یەکەم: هێزە پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە، کە مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە خاوەنی پێگەیەکی دیاری ئابوری و کۆمەڵایەتی نین لە کۆمەڵگەداو بە گوێرەی خواستی سیستم نەیانتوانیوە خۆیان بگونجێنن و وەکو بەشێک لە سیستم لە قەڵەمبدرێن، هەر بۆیە خراونەتە دەرەوەی سیستم و کۆمەڵگە وەکو بێگانە و بێزراو مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. ئەم هێزە لە کەسانی بێکارو بێ جێگەو لانەو کەسانی پەراوێزخراو پێکدێن، کە خاوەنی هیچ شتێک نین و هیچ شتێک بە سیستمەوە گرێیان نادات. لای (مارکۆزە) ئەمانە تۆوی لەناوبردنی سیستمن و هێزێکن بەو پێیەی هیچ پێگەیەکیان لە سیستمدا نییە، ئەوا دەیانەوێت سیستم بڕوخێنن و دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی باو بگۆڕن (حسن/ حسن محمد، ٢٠٧).

توێژی دووەم: ئەم توێژە خوێندکاران و لاوانی یاخی دەگرێتەوە، کە بەو پێیەی بەرژەوەندییان لەگەڵ دۆخی بەرخۆری باودا نییە، ئەوا ڕەتیدەکەنەوە. هەروەها گروپگەلی هاوشێوەی گروپی (هیپیەکان Hippies)، کە بەرەنگاری شێوەژیانی بۆرژوازی هاوچەرخ دەبنەوەو مەیلی گەڕانەوە بۆ سروشت دەکەن، بەم پێیەش بە هێزی گۆڕانی واقیع لای (مارکۆزە) دادەنرێن. سەرهەڵدانی (بزوتنەوەی خوێندکارانی فەرەنسا) لە ساڵی (١٩٦٨) و ئەنجامدانی یاخیبوون و توندوتیژی دژی سیستم لە چاوچێوەی ئەم هزرو تێڕوانینەدا بوو (حسن/ حسن محمد، ٢٠٨).

بەگشتی (مارکۆزە)، لە بری گۆڕینی دۆخی ئابوری و سیاسی و شۆڕشی پرۆلیتاری، جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەو نارەزایی دەربڕین و ڕزگارکردنی وشیاری مرۆڤ دەکاتەوە (حسن/ حسن محمد، 211)، بە بڕوای (مارکۆزە) پێویستە مرۆڤگەلێک هەبن کە لە توانایاندا بێت لە ڕوی فیسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەوە ئەوەندە شارەزایی لە جیهان و لە وانیتر بەدەستبێنن کە بتوانن دۆخی باو تێپەڕێنن. (مارکۆزە) دەڵێت: "مەرجی یەکەمی هەڵگیرسانی شۆڕش و گۆڕینی دۆخی باو خۆی لە بەدیهێنانی گۆڕانی سایکۆلۆژی و ڕیشەیی لە وشیاری مرۆڤ و ناوشیاریان دەبینێتەوە (حسن/ حسن محمد، 212).

گۆڕانی سیاسی لای (مارکۆزە)، بە گوێرەی ئەوەی خرایەڕوو، خۆی لە دروستکردنی کۆمەڵگەیەکدا دەبینێتەوە کە تیایدا ئازادی مرۆڤ بەرقەرار بێت. پەیوەندییە مرۆییەکانیش لەسەر بنەمای زۆرلێکردن و ناچاری بونیاد نەنرابێت، بەڵکو ئازادی ڕەفتارو هەڵسوکەوت بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

بێت. وەها بارودۆخێکیش لە دیدی (مارکۆزە)دا تەنها لە کۆمەڵگەی سۆسیالیزمدا بەدیدێت، بەم پێیەش ئەو خوازیاری گۆڕانی سیستمی سەرمایەداری و گەیشتن بە سۆسیالیزم بوو، بەڵام میکانیزمی گەیشتن بە سۆسیالیزم هەروەکو تەواوی ئەندامانی (قوتابخانەی فرانکفۆرت) بۆیەدەچوون، شۆڕشی پرۆلیتاری نەبوو، بەڵکو ئەو بە چین و توێژەکانی دەرەوەی سیستمی بۆرژوازی باو، وەکو بکەری سەرەکی گۆڕانی سیاسی هیوادار بوو.

پوختەی ئەوەی دەربارەی گۆڕانی سیاسی لای (قوتابخانەی فرانکفۆرت) خرایەڕوو، بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە خاوەنی پاشخانی (مارکس)ی بوون و خوازیاری گۆڕینی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و بەدیهێنانی سۆسیالیزم بوون. ڕەخنەی کلتوری و هزریش لە دیدی ئەواندا میتۆدی سەرەکی و شیاوی ئەم گۆڕانەیەو گرتنەبەری خەباتی ئایدۆلۆژیک بۆ بەگژاچوونەوەی ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی تاکە میکانیزمێکە، کە دەکرێت وەکو ڕزگارکەری مرۆڤ لە چنگی سەرمایەداری پەنای بۆ ببرێت و لە سایەیدا بەرگری لە ئازادی بکرێت و پەرەپێبدرێت، تا تەواوی کۆمەڵگە بە ئازادی ڕاستەقینە دەدات بە تایبەتی لە دوای ئەوەی بە بڕوای ئەوان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری بۆرژوازیدا، ئازادیش مانای خۆی لە دەستداوەو بۆ ئازادی درۆیینەو وەهمی گۆڕاوە.

## ئەنجام

**لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم دەرئەنجامەی خوارەوە:**

هزری (مارکسیزم) بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری گۆڕانی سیاسی دەکات و تێپەڕاندنی دۆخی باوی سەرمایەداری و کۆمەڵگەی بۆرژوازی و گەیشتن بە سۆسیالیزم و کۆمەڵگەی سۆسیالیستی وەکو زەرورەتێکی مێژوویی سەیر دەکات، بەڵام جیاوازی لە نێوان هزرە (مارکس)یەکاندا هەیە سەبارەت بەم ئەرکە، لە کاتێکدا بە گوێرەی (مارکسیزم)ی شۆڕشگێڕانە لای (لینین) شۆڕش و توندوتیژی تاکە میکانیزمی گۆڕانی سیاسییە، سۆسیال دیموکراتەکان جەخت لەسەر گۆڕانی هێدی و هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامدانی ڕیفۆرم دەکەنەوە. (مارکسیزم)ی هاوچەرخیش بە شێوەیەکی گشتی، لە هزری (مارکسیزم)ی فەلسەفی سەدەی بیستەم و (قوتابخانەی فرانکفۆرت) و (مارکسیزم)ی بونگەراو بونیادگەرا، گۆڕانی هزری و کلتوری بە بنەمای گۆڕانی سیاسی دەزانن.

## لیستی سەرچاوەکان

**لقی یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

یەکەم/ کتێبەکان:

1. بەشیریە، حسێنی (٢٠٠٩). مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم (بیری مارکسیزم). وەرگێڕانی/ ناسر ئیبراهیم زادە. هەولێر. خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
2. پۆلادی، کەمال (٢٠١٩). مێژووی بیروباوەڕی سیاسی لە خۆرئاوا (بەرگی سێیەم). وەرگێڕانی/ یوسف عەلی پور. سلێمانی. خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
3. تودی، فیلیپ- ڕید، هاوارد (٢٠٠٩). سارتەر. وەرگێڕانی/ فاضل محمود ولی. خانەی چاپ و نیوەندی سایە.
4. کەمال، محمد (٢٠٠٧). هایدیگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
5. لیتشە، جۆن (٢٠١٢). پەنجا فەیلوسوف و بیرمەندی هاوچەرخ (لە بونیادگەرییەوە بۆ پۆست مۆدێرنیزم). وەرگێڕانی/ دیدار ئەبوزێد. هەولێر.
6. ماکواری، جۆن (٢٠٠٤). فەلسەفەی بوونگەرایی. وەرگێڕانی/ ئازاد بەرزنجی. چاپی دووەم. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
7. هایدیگەر، مارتن (٢٠١٣). بون و کات. وەرگێڕانی/ د. محمد کەمال. سلێمانی. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
8. محەمەد، سەمباح ڕافع (٢٠٠١). ڕێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە. وەرگێڕانی/ تاریق کاریزی. هەولێر. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.

**لقی دووەم/ سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

یەکەم/ کتێبەکان:

1. بوتومور، توم (1998). مدرسة فرانكفورت. ترجمة/ سعد هجرس. طرابلس- ليبيا. دار أويا.
2. بومنير، كمال (2010). جدل العقلانية في نظرية نقدية لمدرسة فرانكفورت. الجزائر. منشورات الإختلاف.
3. دی كرسبني، أنطوني – مينوج، كينيث (2012). من فلاسفة السياسة في القرن العشرين. ترجمة/ د. نصار عبدالله. القاهرة. الهيئة المصرية العامة للكتاب.
4. سارتر، جان بول (2012). الوجودية منزع إنساني. ترجمة: محمد نجيب عبدالمولى و زهير المدنيني. بيروت. التنوير للطباعة والنشر والتوزيع.



http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

5. كيلة، سلامة (2013). الماركسية اليوم (منظورات لماركسية جديدة). دمشق. خطوات للنشر والتوزيع.
6. لوفيفر، هنري (2012). الماركسية. ترجمة/ حبيب نصرالله نصرالله. بيروت. مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.
7. ماركيوز، هربرت (2004). الإنسان ذو بعد الواحد. ترجمة/ جورج طرابيشي. الطبعة الرابعة. بيروت. دار الاداب للنشر والتوزيع.
8. حسن، حسن محمد (1993). النظرية النقدية عند هربرت ماركيوز. بيروت. دار التنوير للطباعة والنشر.
9. رحيم، سعد محمد (2012). استعادة ماركس. بغداد. دار ميزوبوتاميا للطبع والنشر والتوزيع، بغداد.
10. مصطفى عبدالرحيم، حنان (2010). الفن والسياسة في فلسفة هربرت ماركيوز. بيروت. التنوير للطباعة والنشر والتوزيع.
11. النبواني، خلدون (2011). في بعض مفارقات الحداثة ومابعدها (دراسات فلسفية وفكرية). بيروت. دار المدى للثقافة والنشر.
12. هاو، الن (2010). النظرية النقدية: مدرسة فرانكفورت. ترجمة/ ثائر ديب. القاهرة. دار العين للنشر.
13. هوركهايمر، ماكس- ادورنو، ثيودور فون (2006). جدل التنوير (شذرات فلسفية). ترجمة/ الدكتور جورج كتورة. بيروت. دار الكتاب الجديد المتحدة.
14. سكوت، جون (2013). خمسون عالما اجتماعيا اساسيا. ترجمة/ محمود محمد حلمي. الطبعة الثانية. الشبكة العربية للابحاث والنشر.

دووەم: سەرچاوە ئەلەکترۆنیەکان:
(الماركسية البنوية: https://ar.wikipedia.org/wiki).

**لقی سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**
یەکەم/ کتێبەکان:

1. Delanty, Gerard (2005). Social Science. Secend edition. New York. Open University Press.
2. Marcuse, Herbert (2008). A Study on Authority. London- New York.

دووەم/ سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان

1. Session, David (2019). Nicos Poulantzas (philosopher of Democratic Socializm).
https://www.dissentmagazine.org/article/nicos-poulantzas-philosopher-of- demoratic-socialism.

## پوختە

لە ئەمڕۆدا گۆڕانی سیاسی بابەتێکی گرنگی زانستی سیاسی و کۆمەڵناسی سیاسییەو بۆتە پرسێکی گرنگ و جەوهەری ژیانی سەرجەم کۆمەڵگەکانی جیهان. مانا و دەلالەتی گۆڕانی سیاسیش لە میانەی چەند چەمک و زاراوەیەکدا گوزارشتی لێدەکرێت کە هەموویان مانای گۆڕان و گوزەری کۆمەڵگەکان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکیتر، باشتر و بالآترو پێشکەوتوتر دەبەخشن. لەم میانەیەشدا (مۆدێرنایزەیشنی سیاسی، گوزەر بەرەو دیموکراسی، گەشەسەندنی سیاسی، پێشکەوتنی سیاسی)، مانای گۆڕانی سیاسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەگەیەنن.
سێ ڕەهەندی سەرەکی لە پرسی گۆڕانی سیاسیدا مایەی گرنگی پێدانە، یەکەم: (بکەری گۆڕان) گۆڕان لە سەرەوە بۆ خوارەوە یاخود لە خوارەوە بۆ سەرەوە، دووەم: (شێوازی گۆڕان) گۆڕانی توندوتیژانە یاخود گۆڕانی هێمن و ئاشتیخوازانە، سێیەم: (جۆری گۆڕان) گۆڕانی هەمەکی و گشتگیری یاخود هەندەکی و هەنگاو بە هەنگاو. دەکرێت گۆڕانە سیاسییەکان بە گوێرەی ئەم سێ ڕەهەندە شیبکرێنەوەو لە میانەیدا وەسفی ئەو گۆڕانی سیاسییە بکرێت کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا ڕوویداوە یان ڕوودەدات.
هزرە سیاسییە جیاوازەکان، ڕوانگەی جیاوازیان سەبارەت بە گۆڕانی سیاسی هەیە، هزری لیبراڵیزم و مارکسیزم سەرباری جیاوازی بیروبۆچونیان لە زۆر بواردا، بەڵام بە گشتی لایەنگری گۆڕانی سیاسین و پشتگیری لە گۆڕینی دۆخی سیاسی باو دەکەن، هەرچی هزری کۆنسێرڤاتیزم و فەندەمێنتالیزمە بە گشتی بە ترسەوە لە گۆڕانی سیاسی دەڕوانن و لە هەر پرۆسەیەکی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا بە گومانن.
لیبراڵیزم سەرەڕای جیاوازی بیرو ئەندێشەی هزرمەندەکانی، بە گشتی پشتگیری لە گۆڕانی هەنگاو بە هەنگاوو هەندەکی دەکات و پێ لەسەر گۆڕینی ڕیفۆرمخوازانەو ئاشتیخوازانە دادەگرێت. هەرچی (مارکسیزم)ە، کە هزرێکە لە بنەمادا گۆڕینی دۆخی باو دەکاتە پێویستی و جەخت لەسەر کردەی شۆڕشگێڕی دەکاتەوە، (مارکسیزم)ی هاوچەرخ زیاتر مەیلی بە لای گۆڕانی کلتوری و هزریدا هەیە، نەوەک گۆڕانی توندوتیژانەو شۆڕشگێڕی.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12

(کۆنسێرڤاتیزم) و (فەندەمێنتالیزم)یش، کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا وەکو دوو هزری دژە گۆڕان لە قەڵەم دەدرێن، لە پراکتیکدا پشتگیری لە شێوازێک لە گۆڕانی سیاسی دەکەن، لە کاتێکدا (کۆنسێرڤاتیزم) گۆڕانی هەندەکی و ڕیفۆرمخوازانە پەسەند دەکات، (فەندەمێنتالیزم) لە میانەی هەوڵدان بۆ گەڕانەوە بۆ سەردەمێکی زێڕین لە ڕابوردودا، شێوازێک لە گۆڕانی سیاسی توندوتیژانە پەیڕەو دەکات.

## الملخص

التغيير السياسي في يومنا هذا أصبح موضوعاً مهماً في علم السياسة وعلم الاجتماع السياسي و أصبح تساؤلا جوهريا في حياة مجتمعات العالم كله. يتجسد معنى ودلالة التغيير السياسي من خلال بعض المفاهيم والمصطلحات، التي تعتبر التغيير كتحول للمجتمعات من حالة إلى اخرى احسن و اسمى و اكثر تطورا، ففي هذه الاثناء يعد التجديد السياسي تحول نحو الديمقراطية، التنمية السياسية، التطور السياسي معنى التغيير السياسي في اي مجتمع.

هناك ثلاث ابعاد رئيسية موضع الاهتمام في مسألة التغيير السياسي، أولاً: (فاعل التغيير) التغيير من الاعلى الى الاسفل او من الاسفل الى الاعلى، ثانياً: (شكل التغيير) التغيير العنيف او التغيير السلمي، ثالثاً: (نوع التغيير) التغيير الشمولي والكلي او الجزئي و التدريجي. يمكن تحليل التغيير السياسي حسب هذه الابعاد ووصف التغيير السياسي الذي يحدث في مجتمع معين.

الافكار السياسية المختلفة لديهم وجهات نظر مختلفة حول التغيير السياسي، الفكر اللبرالي والماركسي بشكل عام يؤيدون التغيير السياسي ويساندون تغيير الوضع الحالي، في حين تنظر الفكرة المحافظة والاصولية بخوف الى التغيير السياسي و يشكون باي عملية تغييرية في المجتمع .

الليبرالية على الرغم من وجهاتها نظر المختلفة لروادها، تساند التغيير التدريجي والجزئي وتؤكد على التغيير الاصلاحي والسلمي .اما الماركسية التي هي بالاساس الفكر التغييري، تؤكد على ضرورة تغيير الوضع القائم والعملية الثورية، فالماركسية المعاصرة اكثر ميلا للتغيير الثقافي والفكري بدلا من التغيير العنيف الثوري .اما الفكرة المحافظة والاصولية التي تعتبر فكرين مضادين للتغيير، ولكن حينما يفضل الفكر المحافظ نوع من التغيير الجزئي والاصلاحي، يساند الفكر الاصولي من خلال المحاولة للرجوع الى العصر الذهبي في الماضي، نوع من التغيير العنفي.

## Abstruct

Today, political change is an important issue in both political science and political sociology and has became an essential question for the life of the whole world's societies. The meaning and indication of political change is exposed through some concepts and terms which all imply the change and transition from a situation to another, better, higher and more developed. In this regard political modernization, Democratization, political development and Political progress imply the political change in any societies.

Three basic dimensions is crucial in political change question, the concept of political change in any society can be explained, which are, first: change maker (from top to bottom or bottom to top), second: the form of change (violently or peacefully), third: and the type of change (total or partial). All political changes can be analyzed by this three dimensions through which the political change that happened at a society can be described.

Different political thoughts have different perspectives towards political change and each thought in accordance with this point of view and principle upon which it based, look at the political change. Liberalism and Marxism are generally supporting the political change and inclining to change the existing situation, while conservatism and fundamentalism look frighteningly at the political change and doubt any change process in the society.

Liberalism despite its different perspectives, is generally supporting the gradual and partial change and insisting on peaceful and reformal change. Marxism which is a thought essentially make the change of existing situation necessary and emphasize the revolutionary action. The modern Marxism are more inclined to cultural change rather than revolutionary and violence change. Conservatism and Fundamentalism which are described in political literature as two anti-change thoughts, but practically are supporting a type of political change. While Conservatism is in favor of partial and reformal change, Fundamentalism through attempting to return to golden age in the past, support the type of violence political change.


http://doi.org/10.21928/uhdiconfrpc.pp1-12